کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی هێرشکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران سازکرا



کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ بەڕێوەدەچێت، ئامانجی کۆبوونەوەکەش بۆ تاوتوێکردنی هێرشکانی ئیسرائیلە بۆ سەر ئێران.

ئەمە سێشەممە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، بەپێی راگەیەندراوێکی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە دەچێت و کۆبوونەوەکەش دوایی نیوەڕۆ دەستپێدەکات.

بەپێی کارنامەی ئەو کۆبوونەوە نائاسایییەی بانگکراوەتەوە، کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتییە لە یەك بڕگە، ئەویش تاوتوێکردنی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و بڕاندنی سەروەریی عێراق لەلایەن ئیسرائیل بۆ هێرشکردنەسەر ئێران.

ئەوەش لە کاتێکدایە، ١٣ی ئەم مانگە ئیسرائیل یەکەم هێرشی بۆ سەر ئێران دەستپێکرد و دواتریش ئێران وەڵامی هێرشکانی دایەوە و ئەمە هێرشکان بۆ سەر یەکتری پێنج ڕۆژ بەردەوامە و بەردەوامنکانی هێردوولا بۆ سەر یەکتری چڕتربوونتەوە و مەترسی فراوانبونیشی لێدەکرێت.